Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090303

# نواندنی واتایی لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردییدا

عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف                    بورهان ئەحمەد عەزیز

زانکۆی سلێمانی// کۆلێژی زمان // بەشی کوردی

**پوختە**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (نواندنی واتایی لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردییدا). هەنگاوەکانی لە فەرهەنگەوە دەستی پێکردووە. لەسەر ئەو بیروبۆچوونە هەنگاوی ناوە، کە زانیاریی مۆرفۆلۆژیش لە فەرهەنگدان. واتا سەرباری زانیارییە فۆنۆلۆژیی و سینتاکس و واتا، ئاخێوەری زمان زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەشیان هەیە. لە توێژینەوەکەدا بۆ خستنەرووی ئەو زانیارییانە دروستە و فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان بەکارهێنراون. بۆ دروستە مۆرفۆلۆژییەکان کار لەسەر وشە هەڵگوێزراو و لێکدراوەکان تا هەیکەلی دروستەکە دیاریی بکرێت و لە ڕێیەوە نواندنی واتایی لەو دروستانەدا دیاریبکرێت. نواندنە واتاییەکان لە چوار ئاستدا تاقکیراونەتەوە، ئەوە سەلمێنراوە، کە نواندنی واتایی بە ئاست و واتای فەرهەنگییەو پێکهاتەیی و ناپێکهاتەییەوە، چوار جەمسەرییە و لە هەر جەمسەرێکدا نواندنی واتایی جیاواز هەیە و لە نواندنی سەرەوەدا واتاکان دەبنە مۆرفۆلۆژیی و لە خوارەوە واتاکان فەرهەنگیین. توێژینەوەکە بۆ دیارییکردنی دروستە و نواندنە واتاییەکان پشتی بە مۆرفۆلۆژیی و سیمانتیکی بەرهەمهێنان بەستووە و بەپێی ڕێبازی پەسنیی شیکاریی هەنگاوەکان نراون.

## Article Info

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

## Keywords

فەرهەنگ، نواندنی واتایی، واتای پێکهاتەیی/ناپێکهاتەیی،جەمسەری واتایی

## Corresponding Author

abduljabar.maroof@univsul.edu.iq
Burhan.040001@univisual.edu.iq

## پێشەکی:

توێژینەوەکە بۆ دروستەو واتای فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانەو لە چێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی و سیمانتیکیی بەرهەمهێناندا کارەکە کراوە. کارەکە هەم بۆ دروستەو هەم بۆ نواندنی واتایی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان گرنگە، بە جۆرێك لە ڕووی دروستەو پاشخانی فەرهەنگییەوە بۆ شیکردنوە و نواندنی واتای ناو دروستەی مۆرفۆلۆژیی و دەرکردەی واتایی ڕۆشتووە. واتا لە جەمسەریی واتایی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا کاری کردووە. توێژینەوەکە بە ڕێبازی پەسنی شیکاریی ئەنجامدراوە. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەسەر چەند پار و وەچە پارێکدا دابەشکراوە. سەرەتای توێژینەوەکە بە فەرهەنگ و زانیاریی فەرهەنگیی دەستی پێکردووە، ئەویش بەو پێیەی فەرهەنگ سەرچاوەی نواندنە ڕێزمانییەکانە. پاشان پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی ڕوونکراوەتەوە و تێیدا لەو پەیوەندییەدا دروستەی مۆرفۆلۆژیی و واتای دروستە مۆرفۆلۆژییەکان دەرخراوە. لە ڕووی دروستەوە بەڵگەکان لەسەر وشەی هەڵگوێزراوو لێکدراو هێنراوەتەوە. توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە و لە کۆتاییەکەیدا خراوەتە ڕوو.

### ١/١) فەرهەنگ:

فەرهەنگ (Lexicon) پاشخانی کۆزانیاریی زمانی مرۆڤە، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە زانیاریە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکان لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و ئاخێوەری زمان لە قسەکردندا ئەو زانیاریانە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت، لەڕووی دروستەوە هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی دەگرێتەوە، ئەوەش بەو پێیە ئەو سێ پێکهاتەیە خاوەنی یاساو ڕێسا و کەرەستەی تایبەت بە خۆیانن، کەرەستەی بەرایی هەریەك لەو پێکهاتانە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، بە جۆرێك فۆنۆلۆژیی بنیاتی برگەو مۆرفۆلۆژیی بنیاتی وشە ناسادە دەنوێنێت، دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە کار بە گریمانەی بە پێکهاتەی بوونی فەرهەنگ بکرێت. ئەوا فەرهەنگیش خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی خۆیەتی، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت ئاستی فەرهەنگی خاوەنی ڕیزبوونی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ نموونە پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە، پۆلەڕەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژیانە (morphological sub categorization) بۆ نواندنی مۆرفیمەکان. (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٢٠، سلێمانی، لا ٧).

فەرهەنگ ئاوەزی بە واتا ((وشەنامەکەی ناو مێشك)) دارشتەی سایکۆلۆژی زانیاریە لێکسیکییەکانە، زاراوەیەکە بۆ چۆنێتی (ڕێکخراوەیی ئاوەزی گەنجی وشە)ی مرۆڤێك گرنگترین بواری لێکۆڵینەوە پەیوەست بە فەرهەنگی ئاوەزییەوە لەمانەدا کۆکراونەتەوە (١) ناسینەوەی وشە (٢) ڕێکخراوەی ناوەوەی سیمانتکیانەو مۆرفۆلۆژییانەی فەرهەنگی ئاوەزی (٣) هێنان و گونجاندنی زانیارییەکان لە ناوەڕۆکی گفتوگۆدا یان لە ناوەڕۆکی دەقدا. فەرهەنگی ئاوەزی لە چەمکێکی ڕێزماندا لە چێوەی ئاوەزداریدا ئەو بەشە پێکهاتەیەی زانینە زمانییەکەیە، کە زانیاریی دەربارەی یەکە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییەکان خەزن دەکات، کە ناتوانرێت چی دی شیبکرێنەوە، زانیاریی و ئەوانە پەیوەستن بە (فۆرمی فۆنۆلۆژیی فۆرمی فۆنەتیکیی) و لەناو ئەوانەشدا (دروستەکانی برگە، دروستەکانی زرنگە، دروستەکان قورسایی خستنەسەر) پەیوەستن بە (دروستە مۆرفۆلۆژییەکان) وە خەسڵەتە سینتاکسییەکانی وشەکان بە واتای وشە بە واتای ناوەڕۆکی سیمانتیکی/ پراگماتیکییەوە. (محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٦، لا ١٢).

فەرهەنگ سێتێك کۆتوبەندی فۆناتاکتیکی هەیە، کە وەك پاڵێوەر گۆ دەکەن تەنیا ڕێگە بە هاتنە ناوەوەی ئەو وشانە دەدەن، کە مۆرفۆلۆژییانە فۆرمد دروستن، بەربەوەی وشەی دانراو/ خەیاڵییەکان putative words بتوانن بچنە فەرهەنگەوە پێویستە دەنگەکانیان بەو جۆرەی لە زمانەکە ڕێپێدراون، بخرێنە تەك یەك، بۆ نموونە فۆرمەکانی (ڵیر/ نبچ) ڕاستەوخۆ/ ئۆتۆماتیکی ڕەتدەکرێنەوە، چونکە لە پێڕەوی فۆنەتاکتیکی زمانی کوردیدا هاتنی /ڵ/ ی/ سەرەتای بەدوای یەکداهاتنی /ن+ب/ ڕێپێدراو نین، بەمەش مۆرفیم/ وشەکانی بە هەنگاوی پێش فەرهەنگی دا پەیوەست بە فۆرم و درووستی و واتاوە، بەگشتی دوو مەرج دەبن: (١) یاساکانی وشە درووستکردن (٢) پاڵێوەری پشکنین _ فلتەری چێکردنەوە. (سازان زاهیر، ٢٠٢٠، لا ٢٤).

(چۆمسکی) لە تیۆری ستانداری فراواندا، فەرهەنگ بەو بنەمایە دەناسێنێت، کە ئاستی قووڵ بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی پشتی پێدەبەستێت ڕۆڵی بابەتانە بە کەرەستە سینتاکسییەکان دەبەخشێت، بەپێی تیۆرییەکەی چۆمسکی (فەرهەنگ وەك وشەنامە لە ژمارەیەك یەکە فەرهەنگی پێکهاتووە، کە ئەم یەکانەی بریتیین لە مۆرفیمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاری فۆنەتیکی و واتایین) (Sttinberg: 1991, 35). فەرهەنگ بە بەشێك بە پێکهاتەی یاسای پەیوەندیکردن دانراوە، چونکە یەکەی فەرهەنگی بنیادی پەیوەندیکردنی فۆرم دروستی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسی و چەمکی لەخۆدەگرێت، ئەوەی بەڵگەنەویستە ڕاستییەکی کرۆکییە ئەوەیە، کە یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکیی هەر زمانێك، بریتییە لە فەرهەنگی ئەو زمانە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو مەرج، کە لەسەر بنەمای دیاریکردنی پەسەندکردنی ڕێزمانی دانراوە، هەرچی یەکەمە ئەوەیە، کە لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستە لەسەر واتای مۆرفیم و وشە پێکهێنەرەکانی و پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوانیاندا دەوەستێتەوە، دووەمیش ڕێزمان ناتوانێت ئەو ڕستانەی کە لە ڕووی سینتاکسییەوە لە ڕەگەوە جیاوازن و واتای چوون یەکیان هەیە بە تەواوی لێکبداتەوە پێویست بە گەڕانەوە دەکات بۆ فەرهەنگ، لەبەرئەوە بە پێکهاتەیەکی پێویستی سیمانتیکی دانراوە. (شیلان عومەر حسەین، ٢٠١٢، لا ١٠٨)

فەرهەنگی لیستی وشە تۆمارکراوەکانە بەشێکی هەر زمانێکە و تەواوکەری ڕێزمانەکەیەتی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی پراوپڕیەتیی پێڕەوی ناو مێشکی کوردە، لێرەوە فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی یەکتر تەواودەکەن واتاو زانیاری فەرهەنگی لەلایەن ڕێزمانەوە دەنوێنرێت، مەرج نییە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەکەمان هەموو دیاردەکانی زمان بەدەستەوە بدات و فۆرم بۆ هەموو چەمك و واتا ناوەڕۆکەکان دارشتبێت، بۆیە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس ئەرکی تەواوکردنی فەرهەنگی زمانەکە دەگرنە ئەستۆ. بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکە بروانە هێڵکاری (١)




هێڵکاری (١)

هێڵکاری ژمارە (١) فەرهەنگ و ڕێزمانی لە بەرانبەر یەك داناوە، بەوەش هەریەك فەرهەنگ ڕێزمان وەك هەردوو پێکهاتەکەی سەربەخۆی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کەرەستە و یاسای پێکەوەهاتنی خۆیانن، پێکهاتەی فەرهەنگی نواندنی ناوەکی خۆی هەیە لە ڕووی فۆرمەوە پێش نواندنی دەرەکی/ ڕێزمانی دەنوێنێت، ڕێزمانیش دەبێتە نواندی دەرەکی فەرهەنگی. (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠١٢، بەشی B، لا ٢٦٢). بەڵام وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا فۆنۆلۆژییش بە یاساو ڕێساو کەرەستەی خۆی دەبێتە پێکهاتەی سەربەخۆی ڕێزمان، بە جۆرێك بەو یاساو کەرەستانە برگە و مۆدێلەکەی بەرهەم دەهێنێت. سەرەڕای ئەوەش وەك ئەوەی سنوری لێکۆڵینەوەکە گرنگی پێدەدات، فۆنۆلۆژی بە کەرەستە کەرتی و ناکەرتییەکانیشی، لە مۆدێلی ڕێزمانەکەیدا سنووریەکەی تێکەڵی سیمانتیك دەبێت. لە ناو فەرهەنگ بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی وشەکانی زمان خەزن دەکات، بە جۆرێك کە قسەکەر بەهۆی نەخشەی بیری کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە ئەو ڕێکەوتنەی لە نێوان فۆرم و واتاکەدا هەیە پەیڕۆبەندێتی لە بەکارهێنانی ئاوەزیانەدا وەها دەکات ئۆتۆماتیکیانە دەستی پێ بگاتەوە، بەمەش فەرهەنگی ئاوەزیی وەك پێکهاتەیەکی مۆدۆلاریەتیی لێدەکۆڵێتەوە، هەڵبەت فەرهەنگی ئاوەزیی وەك ئانۆلۆژی گوزارشت لە وشەنامەی ناو مێشکمان دەکات، ئەم وشەنامە ئاوەزییە بەپێی لێکۆڵینەوەکان بە گشتی هەڵگری زانیاریە سیمانتیکی و سینتاکسییکانن. (تریفە عومەر ئەحمەد،٢٠١٣، لا ١١) . فەرهەنگی وشە کۆگای زانیارییەکانە و سیما نیشانەییەکانی وشە فەرهەنگییەکان ڕیز دەکات، کە دەبن بەیەکە ئەتۆمییەکانی سینتاکس . یەکە فەرهەنگییەکان لەئاستی ناوەوە (ڕێزمانی ژێرەوە ) یەکدەگرن و ئاستی ناوەوە و ئاستی دەرەوە بەرهەمدەهێنن . کە بریتییە لە نواندنە سینتاکسییەکەی ، کە چۆنێتی ڕیزبوونی دەرەکی کەرەستەکانی ڕستەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە .(Chomsky, 1981,48)

**1-1/1) فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژی:**

مۆرفۆلۆژی جگە لەوەی خۆی بە دروستەی ناوەوەی وشەوە خەریك دەکات، نوێنەری زانیاری مۆرفۆلۆژیانەی ناو توخمە فەرهەنگییەکانیشە. نواندنەکە لە هەردوو دیمی دروستەیی و واتاییشدا دەبێت، ئەویش بەو پێیەی مۆرفۆلۆژی لە فۆرم و واتای وشەش دەکۆڵێتەوە. ڕوونکردنەوەکە پێکهاتەبوونی مۆرفۆلۆژی دەسەلمێنێت، چونکە لە مۆرفۆلۆژییدا کەرەستەی مۆرفۆلۆژیانە و یاساو ڕێسای مۆرفۆلۆژیانەش هەیە، هەر بەو کەرەستە بەرایی و یاساو ڕێسایانە فۆرمی نوێ بۆ دروستەی مۆرفۆلۆژیی و واتای نوێ بەرهەم دێت. کەواتە دروستەی مۆرفۆلۆژیی ئەو یاساو پرۆسەو تەرزە مۆرفۆلۆژییە گشتگیر و یاسابەندانە دەگرێتەوە، کە قسەکەی تێبینییان دەکات و کارگەرییەکەی لە زانیارییە زمانییە شاراوە و نادیارەکەیدا دەردەکەوێت. (شیلان عومەر، ٢٠١٢، لا ٤١).پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگ لەلایەک و لەگەڵ واتاش لەلایەکی تر ئاشکرایە، چونکە ڕۆڵی سەرەکی فەرهەنگ ئەوەیە کە واتای وشە ڕیزدەکات. ئەمەش لەبەرئەوەی هەمیشە پەیوەندیی نێوان وشەیەک و واتاکەی هەڕەمەکییە، واتا هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کە وشەیەک ئەو واتا تایبەتییە بگەیەنێت کە هەیەتی . (حاتم وليا محمد ،2019،لا28). زانیارییە زمانییە شاراوەکان لە توخمە بەراییە مۆرفۆلۆژییەکاندا پەیوەست بە دروستەو واتاوە هەڵگیراون. هەبوونی دروستەو واتای مۆرفۆلۆژیی و کەرەستە و داتاـ مۆرفێم ـ کان و ڕێساکانی خستنە تەك یەك و بەکاربردنیان، هەروەها هەبوونی زانیاریی مۆرفۆلۆژیانەی لای ئاخێوەری زمان و ئاگایی تاك لە بونیاتنان و هەڵوەشانەوەی بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکان وادەکات، کە مۆرفۆلۆژی وەك پێکهاتە پەسەند بکرێت، نەك هەمیشە وەك بەشێك لە سینتاکس مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (١)، ژمارە (١٢)، ٢٠١٧، لا ٥٤). بەو پێیەی ئەوەی زانیارییە گەنجکراوانەی ناو توخمەکان پەیوەست بە دروستەو واتاوە پارەکانی داهاتوو دادەڕێژرێن.

**1-1-1/1) دروستەو واتای مۆرفۆلۆژییانە**

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، مۆرفۆلۆژیی لە دروستەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە، کە ئەمە ڕوانگەیەکی دروستەیی و یاسابەندانەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییە، بەڵام ئەو ڕوانگەی پێیان وایە: مۆرفۆلۆژی فۆرمی نوێ بەکاردەهێنێت بۆ واتای نوێ، لایەنێکی دروستەیی و واتایشی لەخۆگرتووە. لەو ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە خۆی بە واتاو نواندنی واتایی توخمە مۆرفۆلۆژییەکان لە فۆرمۆ مۆرفۆلۆژییەکاندایە.

مۆرفۆلۆژی وەکو پێکهاتەیەکی ڕێزمان لایەنێکی تر زانیاریە واتایە فەرهەنگیەکانە ئەوەش بەو پێیەی (x)هکان جا چ مۆرفیمی بەندی هەڵگواستن بن یان مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیی بن جڵەوی فۆرم _ دروستکردنی مۆرفۆلۆژیی و واتای مۆرفۆلۆژییانەی دەکەوێتە ئەستۆ، هەر یەکێك لە (x)هکان بەتایبەت مۆرفیمی سەربەخۆکان لێکسیمن و پێشبینی دەکرێت، واتایەکی نادیاریان جوڵاویان/ (داینامیکی dynamic)یان هەبێت، لەو ڕوانگەیەوە دەبێت نەخشە ڕێگایەك بەم جۆرە بێت، کە پەیوەستە بە مۆدێلێکی ڕێزمانی کوردییەوە: ئەویش لە فەرهەنگ پاشان مۆرفۆلۆژیی پاشان سینتاکسدا واتاکان لێکبدرێتەوە، بەوەش واتا لە سەرتاپای مۆدێلی ڕێزمانییدا لێکبدرێتەوە. بڕوانە واتا لە هێڵکاری (٢)




هیڵکاریی (٢)

هەرییەک لە فۆڕمەکان لە هێڵکاریی (٢)پرۆژەیەکن کە ڕووی فۆرمەوەو پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیارییکردنەوە (sub categorization) لەلایەن مۆرفێم و وشە دەسەڵاتدارەکەنەوە دروستدەکرێن، کە نرخ ئاستی نواندنی (x) یان هەیە. بڕوانە: ( عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٢٠، لا 168)و https://www.researchgate.net/publication/274569335_Morphology.

بەو پێیەی فەرهەنگ لێکسیمەکان بە زانیارییە واتایەکانەوە خەزن دەکات، بۆیە دەکرێت لە یەکێك لە بەرجەستەکردنە مۆرفۆلۆژییەکاندا یەکێك لە واتاکانی کۆنکرێت بکرێت، پاشان کۆنکرێتکردنەکە لە واتا دەرکردەکەی دروستەی مۆرفۆلۆژیی دەکۆڵرێتەوە، بەوەش دەبێت واتای ناوەوەی مۆرفۆلۆژییەکان واتای دەرەوەی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان ڕوون بکرێتەوە. واتا زانیارییە هەڵگەڕاوەکەی ناو فەرهەنگ دەبنە بنەمانی فۆرم دارشتن لە ڕێزماندا، لە ڕێزمانیشدا کەرەستەیەکی فەرهەنگیش فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی بەرهەمدەهێنێت. (هەمەن سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٠، لا ١٦٧)

**1-1-1-1/1) دروستەو واتای هەڵگواستن:**

دروستەو فۆرمی پرۆسەی هەڵگواستن (derivation) لە ژێر جڵەو ڕکێفی توخمە فەرهەنگییەکاندان. توخمە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە دروستەوە بۆ وشەدروستکردنن. توێژینەوەکە بەو گریمانەیە کاردەکات، کە مۆرفیمەکانی هەڵگواستن ڕکێفی زانیارییە واتایی و دروستییەکانی وشەی ناسادەی هەڵگوێزراو دەگرن، نرخی ئاستی نواندنی ئەو مۆرفیمە هەڵگواستنانە $x^{-1}$ ن (https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-Scalise-Generative-Morph)، بشڕوانە(محەمەد مەجید سەعید ، 2015،لا 34). کە بە تەواوی لە مۆرفۆلۆژییدا دەسەڵاتیان هەیەو لە مۆرفۆلۆژییدا وشە دروستدەکەن، بڕوانە نواندنە فەرهەنگیی و دروستەییەکەی لە (١) و هێڵکاری (٣)دا:

$X + Y \longleftarrow X^{o}$ وەک (بەفرین، ڕەشیی، پرتەقاڵی، کوردستان، سەوزایی، تەنکایی)

$Y + X \longleftarrow X^{o}$ وەک (هەڵهاتن، هەڵچوون، ڕاگرتن، داهێنان، لێبرین)




١) ا. کوردستان
ب.گوڵدان
پ.مۆمدان

بگۆڕەکان لە دروستەو هێڵکارییەکەی سەرەوە ئەوە دەردەبڕێت، کە مۆرفێمەکانن لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا دەکرێنە سەنگی مەحەك بۆ فۆرمە بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکە، ئەویش بەو پێیە دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی لە دەستی ئەواندایە، ئەوەش بەو پێیەی لە فۆرمێکدا کۆمەڵە واتایەك هەڵگیراون، کە لە فۆرمی وشەکەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەوەش وشەکان/ بناغەی لێکسێمێکن، لەناو دروستەی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا واتاکانیان بەرجەستە دەبن یان مارکەیان لێدەدرێت، لە (٢)دا نیشانەکانی لێکسێمەکانی (پرتەقاڵ) و (کورد) و (چوون) تاقیدەکرێنەوە دواتر لە (٢) دا پێشبینی لە واتا تێدا هەڵگیراوەکانی دەکرێت.

| | | |
|---|---|---|
| ٢)پرتەقاڵ | کورد | چوون |
| +ڕەنگ | +مرۆڤ | +کردە |
| +تام | +نەتەوە | +ئاراستە بۆ خوارەوە/ بۆ سەرەوە/ ئاسۆیی |
| +شێوە | +شوێنی ژیان | |
| +قەبارە | | |
| +بۆن | | |

لێکسێی <پرتەقاڵ> و <کورد> و <هەڵچوون> لە (٢)دا بۆ زانیاریی واتایی جیاواز، کە لە خودیی فۆرمەکاندا ڕوون نییەو ئاخێوەری زمان لە کۆنکرێتکردنیان هەمان فۆرم، کە لە ئاوەزییدا هەڵگری کۆزانیارییەکانە دەناسێتەوە، بەڵام لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا لە سەرەوەی دروستەی مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستندا واتای ڕەنگ و شوێن بەرهەمدەهێنن. بە جۆرێك لە خوارەوەی دروستەکە پێش بوونی بە ناسادە واتاکەی کۆی زانیارییەکانە و بەهۆی ($x^{-1}$)هکەوە دەبێتە دەرهێنەر و بەرجەستەکەری واتایەکی لێکسێمەکان بڕوانە نموونەی (٣) هێڵکاری (٤) بۆ نواندنی زانیارییە واتاییەکانیان!

٣. پرتەقاڵ ⟵ پرتەقاڵی (بۆ ڕەنگ هەڵگوێزراوە، دەرکردە واتاییەکەی ڕەنگە)

کورد ⟵ کوردستان (بۆ شوێن هەڵگوێزراوە، دەرکردە واتاییەکەی شوێنە)

چوون ⟵ هەڵچوون (بۆ ئاراستەی چوون هەڵگوێزراوە دەرکردە واتاییەکەی چوون بۆ سەرەوە، ئەوە جگە لە واتای ناپێکهاتەیی توڕەبوون). پرتەقاڵی (ڕەنگ) واتای دەرکردەی مۆرفۆلۆژیی هەڵچوون (چوون بۆ سەرەوە، توڕەبوون)

٢. پرتەقاڵ ←——— پرتەقاڵی (بۆ ڕەنگ هەڵگوێزراوە، دەرکردە واتاییەکەی ڕەنگە)

کورد ←——— کوردستان (بۆ شوێن هەڵگوێزراوە، دەرکردە واتاییەکەی شوێنە)

چوون ←——— هەڵچوون (بۆ ئاراستەی چوون هەڵگوێزراوە دەرکردە واتاییەکەی چوون بۆ سەرەوە، ئەوە جگە لە واتای ناپێکهاتەیی توڕەبوون).




هێڵکاری (٤)

هێڵکاری (٤)

هێڵکاری (٤) پەیوەست بە نواندنی واتایی ئەوەمان پێدەڵێت، کە (١) واتای لێکسێمەکە لە ناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکەدا فۆرمیی و واتاییەکەیدا ئاستی نواندنی فەرهەنگیی هەیە، واتا لە هێڵەکانی خوارەوەی دروستەکەدا فەرهەنگییە تا لە سەرەوەی هێڵکارییەکە دەچێتە دروستەو مۆرفۆلۆژییەوە، (ب) بەو پێیە دروستەو نواندنی واتایی مۆرفۆلۆژیی لە سەرەوەی پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانە، بەوە توخم و فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان سادە/ یەك لێکسێم نین، بەڵکو کە دەبنە ناسادە، ئەو کات چ لە ڕووی دروستەو چ لە ڕووی واتاوە بە مۆرفۆلۆژیی هەژمار دەکرێت.(عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، 2020،لا 169)، ئەوەش وایکردووە، زاڵێتیی واتای مۆرفێمەکە لەسەرەوەی دروستەکە، ئەگەری ناڕوونکردنی واتای (Y)ی دروستە هەڵگوێزراوەکەی لێبکەوێتەوە. گەر بڕوانرێتە نموونەکانی (٤)، ئەوە دەردەکەوێت و نموونەکە دەبێتە بەڵگەی ئەوەی، کە تەواوکەری هەڵگوێزراوەکە واتاکەی ناڕوونە، بەڵام لە سەرەوەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکەدا واتای دەرکردەکە ڕووندەبێتەوەو دەرکردەی واتایی و سەنگی پێگەی دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکە گرنگترە، لیڤڵی فەرهەنگیی وشەکەن واتاتان ناڕوونە. بڕوانە هێڵکاریی (٥).

٤) هەڵواسین، حەسانەوە، ....




هێڵکاریی (٥)

**2-1-1-1/1) دروستەو واتای لێکدراو:**

پرۆسەی لێکدان بەپێی مۆرفۆلۆژی بەرهەمهێناندا لە (y،x) بەرهەمدێت، کە ئەمانە هەر یەکەیان لە قۆناغێکدا خاوەنی ڕێزبوونی خۆیانن. لایەنە دروستەیەکەی ڕیزبوونی (y،x) ئەوەمان پێدەڵێت، کە (x)هکان جڵەوی دروستەیی و جڵەوی واتاییان بەدەستەوەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئاماژە بە دروستەیی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژییانە بدەین، کە لە هەناوی دروستە ئارگۆمێنتی سینتاکسییەوە هاتوونەتە دەرەوە، لێرەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژییانە

لە دروستەی ئارگۆمێنتی سینتاکسی بچێت، چونکە پەیڕەوەی جێبەجێکردنی دروستەیی هەردووکیان لەیەك دەچن، بەوەش دروستەی ئارگۆمێنت بۆ فۆرمێکی مۆرفۆلۆژی و فۆرمێکی سینتاکسییەو پەیکاڵی یەك دەبن(بشڕوانە: https://www.blackwellpublishing.com/content/BPL_Images/Content_Store/WWW_Content/9780631226949/12Chap10.pdf ).

لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ئەو پێوەرە دەڕوات، کە کردارو ناکردارەکانیش بە پریدیکات دادەنێت، کرداریەکان کردار بەرجەستەییان دەکات و ناکردارەکان (ناو و ئاوەڵناو)ن، هەریەکێك لەوانە لە پەیوەندیەکی لۆژیکی و سینتاکسی دوو دانەیین (دوو پەلکین) نەك بەو جۆرەی کە لە دروستەی ئارگۆمێنتدا/ یان سیمانتیکی بەرهەمهێنان ئاماژەی پێدراوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم قۆناغەی دروستەیی ئارگۆمێنت، کە دوو پەلکییە زیاتر لەگەڵ فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان دەڕوات و دەگونجێت. نەك ئەوەی لە سیمانتیکی بەرهەمهێنان ئاماژەی پێدراوە. دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژیی و دروستەی ئارگۆمێنتی پێکهێنەری ڕستە لەیەك جیاواز دەبن (بۆ دروستەی ئارگۆمێنتی ڕستە بڕوانە بەشی سێیەمی نامەکە) بڕوانە هەڵاوێرکردنە کەتیگۆریەکەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس لە (5)دا. دروستەکەی لە (6 ، 7دا

| 5- دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژیی | دروستەی ئارگۆمێنتی سینتاکس |
| --- | --- |
| {N}+V | {N}+V |
| {N}+A | {N}+A |
| {N}+N | {N}+V |

دروستەی ئارگۆمێنتەکەی (5) بۆ فۆرمێکی سینتاکس و فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی هەمان کەرەستەیان تێدایە، یان توخمیان تێکرا، گەر بڕوانرێتە جێبەجێکردنەکە لە خوارەوە دەتوانین لە دوو فۆرمی جیاوازدا کە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسە هەمان توخمی پێکهێنەری دروستەی ئارگۆمێنتە بدۆزینەوە. (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٢٠، لا ١٧٨). بۆ نمونە دروستەی ئارگۆمێنتی(6)

6- جێبەجێکردنی دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژی/

| A | V | N |
| --- | --- | --- |
| چاوشین | بەفرماڵ | بەردەنوێژ |
| باڵابەرز | پیاوکوژ | گووڵە گەنم |
| بەردەسوور | قۆڵبڕ | گوڵەباخ |
| کێوەڕەش | دەستبڕ | دارسێو |
| جوانەمەرگ | سەربڕ | دارخورما |
| سورەماسی | میوە فرۆش | داربەڕوو |
| شۆخەژن | ژنکوژ | مارماسی |

7- جێبەجێکردنی دروستەی ئارگۆمێنتی سینتاکس/

| A | N |
| --- | --- |
| گوڵی سوور | بەردی نوێژ |
| باڵای بەرز | گوڵی گەنم |
| چاوی شین | گوڵی سیو |
| کچی زیرەك | چاوی ئەو |
| چاوی ڕەش | شاری سلێمانی |
| کوڕی باش | چەمی سیروان |
| پیازی تەڕ | شاخی بەمۆ |

لێرەوە دروستە مۆرفۆلۆژییەکەی لێکدان لەسەر واتای ناوەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی بەرجەستە دەکرێن، تا واتای ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی دەربهێنرێت، گریمانەی (X+Y)، (X+Y) بۆ دروستەی وشەی لێکدراو بەپێی قۆناغەکانی دروستەی مۆرفۆلۆژیی بوونەتە گریمانە (بشڕوانە: https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-Scalise-Generative-Morph)، ئەوانەی گریمانەی سەری واتایی دەکەنە پێشینەو زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو، بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەشەوە تەرزی (X+Y) کە تێیدا سەری ڕێزمانی توخمە پرۆژە سازدراوەکانی وەك (V, A, N) دەکەنە دەسەڵاتداری دروستەی واتایی. بڕوانە هێڵکاری (6).




**هێڵكاری (6)**

واتای ئەو دروستانەی تەرزی (X+Y) بەجێدەهێنن بەسەرە واتایەكەوە پەیوەستە، ئەوەش بەو پێیەی دروستەكە هەر نواندنێكی هەبێت واتاكەی لە دەوری واتای سەرەواتاییەكە دەسوورێتەوە، گەر لە ناو نموونەكاندا <چاوشین و باڵابەرز> وەربگرین، دەردەكەوێت كە واتای دروستەكە لە دەوری (چاو، باڵا)دا دەسوڕێتەوە، بەوەش

(چاو، باڵا) سەرەن و واتای سەرەكان نەگۆڕاون و هەمان واتای فەرهەنگی خۆیان هەیە، بڕوانە هێڵكاری (7).

X چاو، باڵا




هێلكاری (7)

گریمانەی دووەم، واتا (X+Y) بۆ توێژینەوەكە جێگای سەرنج و تێڕوانین دەبێت، چونكە هەنگاوی توێژینەوەكە بەوە گەیشتووە و كار بەو گریمانە دەكات، كە سەرە ڕێزمانییەكە زانیاری دروستەیی و واتاییان تێدا هەڵگیراوە، تەواوكەرەكە خۆی بە تەنها كەرەستەو توخمێكی فەرهەنگییە و سەرەكە دەیكاتە فۆرمێكی مۆرفۆلۆژیی، چونكە گەر سەرنجی نموونەكانی بدرێت، ئەوا دەردەكەوێت كە ناوی یەكەمی وشە لێكدراوەكان واتا (X)هكان گشتین و هەر واتای فەرهەنگی خۆیانیان هەیە، سەرەكان (Y)هكان لە ڕووی دروستە و واتاوە ڕكێفی جڵەویان هەیە.

ڕكێفی (X) لە ڕووی دروستەییەوە ئەوەیە كە (X)هكان دروستەی فەرهەنگی دەكەنە دروستەی مۆرفۆلۆژیی، بەڵام ڕكێفی واتایی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە (X)هكان واتایەكی نادیار و شاراوەی خۆیان دەنوێنن و لە لوتكەی دروستبووە/ بەرهەمهاتووەكان واتایەكی تر بەرجەستە دەبێت، بەوەش سێ نواندنی واتایی لە مۆرفۆلۆژییدا پەیڕەودەكرێن، بڕوانە هێڵكاری (8) جێبەجێكردنەكە لە نموونەكانی(8)دا.




هێلکاریی (8)

هێڵکارییەکە بۆ ساغکردنەوەی گریمانەی دروستبوونی وشەی لێکدراوەو نواندنی واتاییە تێیدا، بۆ ئەوەش ئاست و لیڤڵی واتایی لە فەرهەنگ و بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکە جیاکراونەتەوە ، هەروەها بۆ دیاریکردنی سەرو تەواوکەر بۆ بنیادنانی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی، گریمانەی واتایی و زاڵێتی و ڕکێفی واتاییش یەکێك دەبێت لە جیاکارییەکان. وەك گوتراش واتای (X) زاڵێتی هەیە بۆ واتای لوتکەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکە. بڕوانە نموونەکانی خوارەوە (8).

(8

ا. گوڵە سووره

ب. بەردەنوێژ

پ. سەرگەرم

نواندنی واتاییە بۆ نموونە (8-پ) تاقیدەکرێتەوە، دروستەکە لە سێ ئاستی <گەرم> <سەرم> <سەرگەرم>

گەرم: پەیوەست بە دروستەکەوە سنوورداره، پلەیەکە لە گەرمی.

سەر: واتای سەری مرۆڤی هەیە.

سەرگەرم: کەیفکردن و سەرقاڵی.

نواندنی واتایی (سەرگەرم) دەریدەخات <گەرم> ڕکێفی واتایی دروستەکەو واتاکەی بەدەستەوەیە، ئەمەش لە نواندنە سینتاکسییەکەی فرێزەکاندا دەردەکەوێت، کە ($x^o$)هکە دروستکەری فرێزەکەیە و واتاکەشی ($x^o$)، کە جیای دەکاتەوە. بڕوانە (نواندنی واتایی فرێز لە پاری داهاتوودا).(چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2022/2/16)

کەواتە بەپێی شیکردنەوەی سەرەوە نواندنی واتایی وشەی لێکدراو نواندنێکی سێ جەمسەری هەیە، نموونەی زیاتر بۆ سەلماندنی بیرۆکەکە دەهێنرێتەوە، گەر بڕوانینە نموونەکانی (8) دەردەکەوێت، کە واتای لوتکە/ واتای سەرەوە دیاریدەکات. بڕوانە هێڵکاری (9).




**هێلکاری (9)**

هێڵکارییەکانی سەرەوە ئەوە دەردەبڕن، کە واتای (X, Y)ەکان لە خوارەوە واتای فەرهەنگیان هەیە و لە سەرەوە/ واتا ئەو کاتەی دەبێتە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی/ لێکدراو واتای مۆرفۆلۆژیانەی دەنوێنرێت. بە جۆرێك (Y)یەکان ناوی گشتیین و واتاکەیان دەربڕی چەمکە گشتییەکەی فەرهەنگە، واتا بە تەنها نەبۆتە فۆڕمێکی ناو مۆرفۆلۆژیی، (X)ەکان بەپێی ئەو واتا تایبەتییەی لە فەرهەنگا تێیدا هەڵگیراوە، واتا واتای (X)ی فەرهەنگیی چەمکی و گشتییە تا بۆ نواندنی واتاییەکەی لەگەڵ (Y)دا بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕم و واتاکەی سەرەوە دەچنە پاڵ یەك. بۆ نموونە <سوور> لە فەرهەنگدا کۆی واتاو پلەکانی ئەو ڕەنگە دەنوێنێت، بەڵام لە <گوڵاڵە + سوورە> دا <سوور> واتایەکی تایبەت بە گوڵی هەیە، تا لە سەرەوەدا دەبێتە ناوی جۆرێك لە گوڵ/ گوڵاڵە سوورە.

واتای نموونەکانی ناو هێڵکارییەکە بیروڕای ئەوەمان دەداتێ، کە جەمسەری لوتکەی نواندنە واتاییەکە، لە نێوان واتای پێکهاتەیی (واتای پێشبینی لێکراو)و ناپێکهاتەیی (واتای پێشبینی لێنەکراو، جا ئیدیەمی بێت یان نائیدیەمی) بێت. واتا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا لە واتای توخمە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراودا واتای ناپێکهاتەیی دەچێتە سەرەوەی دروستەکە یان لە توخمە پێکهێنەرەکانەوە بۆ سەرەوە سەردەکەوێت؟ چونکە هەمیشە واتای توخمەکانی ژێرەوە بۆ سەرەوە دەچن. گەر گریمانەی ئەوە بکرێت، ئەوا جەمسەریی چوارەمی نواندنی واتایی لە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکەدا بەرهەمدەهێنرێت. نموونەکانی (خوارەوە) ئەوە بەدەستەوە دەدەن لە سەروو جەمسەری واتایی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە لێکدراوەکانەوە، کە خۆی واتای پێکهاتەیی هەیە، واتای ناپێکهاتەییش بەرهەمدێت، واتا واتای ناپێکهاتەیی دەرکردەی دواتری واتای پێکهاتەیی لێکدراوەکەیە. بڕوانە نموونەی (9) و هێڵکاری (10).




هێڵکاری (10)

بەپێی نموونەکانی <دەستبڕ و دەستکورت> نواندنی واتاییەکان دەبێتە چوار جەمسەری، ئەویش بەو پێیەی واتای ناپێکهاتەیی/ ئیدیەمی جەمسەری چوارەمی و سەرەوەی پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکەی گرتووە، ئەوە لە کاتێکدا نموونەی <بەفرماڵ> واتاکەی پێکهاتەییە و هاوشێوەی لێکدراوەکانی دیکە نواندنە واتاییەکانی سێ جەمسەرە. لەبەرئەوەی نواندنی واتایی لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا دروستەی و دەرکردەی واتایی لە بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکاندا گرنگ و مەبەستە، ئەویش بە واتای ئەوەی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا (Level of morphology) دروستەو واتاکان دەبن بە مۆرفۆلۆژیی، بۆیە دەرکردەکە مامەڵەی مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ دەکرێت. بۆچوونەکە دەمانگەیەنێت بەوەی کە پێشبینی ئەوە بکرێت، کە ئەو وشانەی واتای جەمسەری چوارەمیان ناپێکهاتەییە، واتای چوارەم بەسەر کۆی واتای دروستەکەدا بسەپێت. بۆ نموونە گەر بڕوانرێتە نموونەکانی <دەستبڕ و دەستکورت> لە ئێستای زمانی کوردیدا واتای جەمسەری سێیەمیان نەماوە، یان دەتوانرێت بوترێت کەم چالاکە.

زاڵێتی واتای ئاستی مۆرفۆلۆژیی وای لە واتای ناوەوەی هەندێك فۆرمی مۆرفۆلۆژیی کردووە، کە واتای کەرتەکانی جەمسەری خوارەوە یان یەکێك لە جەمسەرەکان بە سینکرۆنیی ناڕوون بن، لەو بارەیەوە گەر بڕوانرێتە نموونەکانی (٥)، کە وشەی لێکدراوی تەکخراون، وشەتەکخراوەکان ئەگەر چی لە ڕووی دروستەوە پەیوەندی نێوان کەرتەکانیشیان پەیوەندی هاوپۆلەڕەگەزیی و هاوشانییە. (Greet Baoji, , 2007, p 80). کەچی لە ڕووی واتا و دەرکردەی واتاییەوە دەردەکەوێت ئەو وشانە یەکێك/ هەردووك لە نواندنە واتاییەکانی وشەکە لە جەمسەری خوارەوە بە ئێستایی/ سینکرۆنیی ناڕوون بێت. بڕوانە هێڵکاری (11) نموونەکانی (10).

10) أ- نەرمونۆڵ، سپیوسۆڵ، گورجوگۆڵ، جڕوجانەوەر، ...

ب- مشتومڕ، کتومت، کەلوپەل،خەسوخۆڵ ... ...(محەمەد مەحوی، 2010،104)




هێلکاریی (11)

نموونە و هێڵکارییەکانی (11 , 10) ئەوە دەردەخەن، کە: (أ) واتای سەرەوە لوتکە مۆرفۆلۆژییەکە زاڵە، تەنانەت واتای هەندێك لە کەرتەکانی خوارەوە بە سینکرۆنیی ناروون و بەکارهێنانی سەربەخۆیان نییە، (ب) ئەگەر چی واتای لوتکەکە لە دانە پێکهێنەرەکانی خوارەوە هاتوون، بەڵام واتای سەرەوە چڕتر و وردترە لە واتای هەریەك لە پێکهێنەرەکان. بۆ نموونە واتای <ئەرم> بەشێکە لە واتای <ئەرمونۆڵ>، واتای <سپی> بەشێکە لە واتای <سپیوسۆڵ> ...

## ئەنجام

١. زانیاریە مۆرفۆلۆژییەکان پەیوەست بە دروستەو واتا فەرهەنگیین و لە کەرەستەو توخمە فەرهەنگییەکاندا هەڵگیراون. توخمەکان بۆ هەردوو پرۆسەکانی هەڵگواستن و لێکدراو و واتای ئەو دروستە مۆرفۆلۆژییانە لە ($X^0, X^{-1}$)دا هەڵگیراون.

٢. ئەگەرچی دروستەو نواندنی واتایی لە هەڵگواستنەکاندا بە پێشگرو پاشگرەکانەوە پەیوەستە، بەڵام لە ئاستی سەرەوەی واتای جیاوازی دروستە مۆرفۆلۆژییە بەرهەمهاتووەکە دەردەکەوێت، ئاستەکانی خوارەوە ئاست و واتای فەرهەنگیین. بەوەش لە هەڵگواستندا سێ جەمسەرین.

٣. پەیوەست لە ئەنجامی دووەمەوە نواندنی واتایی لە وشە لێکدراوەکاندا جگە لە ئاست و جەمسەرەکانی خوارەوە، کە فەرهەنگیین، نواندنی سەرەوە کە پرۆژەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان جگە لە واتای پێکهاتەیی جەمسەری سەرەوەدا پێشبینی واتای ناپێکهاتەییش دەکرێت، بۆیە واتای وشە لێکدراوەکان جەمسەرین.

## سەرچاوەکان:


١. تریفە عومەر ئەحمەد، پراگمیاتیکی فەرهەنگی پێکداداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف،١٦/٢/2022.

٣. حاتم ولیا محمد،مۆرفۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2019، لا 28

٤. سازان زاهیر، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.

٥. شیلان عومەر، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە زمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٢.

٦. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف،ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،بەشی ب ، 2012،لا 262.

٧. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، پارامێتەری سەری ڕێزمانی لە زمانی کوردی و فارسیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (١)، ژمارە (١٢)، ٢٠١٧.

٨. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، ٢٠٢٠، سلێمانی.

٩. محەمەدی مەحوی، ئاوەزداری ڕێزمانی و ناوەڕۆك و وابەستە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٠. محەمەد مەحوی ، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان ،بەرگی یەکەم،زانکۆی سلێمانی،2010,104

١١. محەمەد مەجید سەعید ، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسێمبوون ،2015،نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی،لا 34

سەرچاوەی ئینگلیزی :

١- Chomsky ,lectures on government and binding berlin, newyork,1981,48

٢- Greet Baoji, The Grammar if words, An Introduction to linguistic morphology, second edition, Oxford University press, 2007.

سەرچاوەی ئینتەرنێت:

https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-Scalise-Generative-Morph)

https://www.blackwellpublishing.com/content/BPL_Images/Content_Store/WWW_Content/9780631226949/12Chap10.pdf

https://www.researchgate.net/publication/274569335_Morphology

## الملخص

عنوان البحث هو ( التمثيل الدلالي في المورفولوجية للغة الكردية). بدأ مراحله عن طريق المعجم، وضعه على أساس تلك الفكرة التي ترى أن المعلومة المورفولجية توجد في المعجم. يعني على الرغم من معلومات مورفولوجية وسينتاكس والدلالة؛ متكلم اللغة له معلومة مورفولوجية أيضاً. واستخدم في البحث التراكيب والأساليب المورفولوجية لأجل عرض هذه المعلومات. ولأجل تحقيق التراكيب المورفولوجية عمل على الكلمات المنحوتة والمركبة لكي يحدد التكوين وعن طريقه يتم تحديد المتثيل الدلالي في هذه التراكيب. التمثيلات الدلالية جربت في أربع مستويات، وأثبت أن التمثيل الدلالي بمستواه والدلالة المعجمي والبنائية وغير بنائية، هو أربع أقطاب؛ ولكل قطب تمثيل دلالي مختلف وفي التمثيل الأعلى تكون المعاني مورفولوجية وفي الأسفل تكون معجمية. واعتمد البحث لتحديد الهيئة والتمثيلات الدلالية على المورفولوجية وسيمانتيكية الإنتاج، وفق منهج الوصفي التحيلي أجريت خطوات البحث.



## Abstract

The title of the research is ‘Semantic Representation in Morphological structure in the Kurdish Language.’ The study begins its stages through the lexicon, and it is put forward on the basis of the idea that morphological knowledge is found in the lexicon. This means that as well as morphological, syntactic and semantic knowledge, the speaker of the language has morphological knowledge. Morphological structures and forms have been used in the research in order to display this knowledge. In order to achieve morphological structures, work has been conducted on coined and compound words in order to determine the composition and through it the semantic representation in these structures is determined. Semantic representations were tested at four levels, and it was proved that the semantic representation with its level, lexical significance, structural and non-structural, has four poles. Each pole has a different semantic representation. In the upper representation, the meanings are morphological, and at the bottom they are lexical. The research was based on defining the form and semantic representations on the morphological and semantic production. The research steps were conducted according to the descriptive analytical method.